بەئامانجکردنی دەزگا فەرهەنگیەکان و ڕەزوباخ و هێرشەکانی چەکی کیمیاوی دژبەکورد کوشتوکوشتار چ بەکیمیایی یان بەئعدامکردن، لێشاوی هەڵاتنی ئاوارەکان بۆ تورکیا بەشێوەیەک کەلەوە دەچوو جینۆساید بێت) بەهەرحال کۆسپخرایە بەردەم راپۆرتەکەی پیتەرگالبرێس و تاوتوێی هەلسەنگاندنەکەی لەمەڕعێراقوکوردەکان لەسەربنەمای چەند بەلگەیەک ئەنجامدرا کە جینۆسایدی کوردیان نەسەلماند، بەڵام پاش گرژی زیاتر لەنیوان عیراق و ئەمریکاو روداوەکانی ئازژاری سالی ١٩٩١ پەردە لەسەر راستیەکان لاچوون و کاتێک لێکۆلەرەوانی سەربەخۆ دەهاتنە کوردستان و دەیانتوانی بەئازادی سەرلەکوردستان بدەن راستیەکان رونبوونەوە، لەسالی ١٩٩٥ یشدا راوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کەوا ئەوەی لەکوردستان رویداوە لەماوەی ئەنفالدا بەجینۆساید دادەنرێت. هەر چەندە لەتێگەیشتنی ئەمجارەی ئەمریکادا تەمومژێکی دی دەخوێندرێتەوە کەوا هیلتەرمان بەیانی کردووە (ئەوەی لەماوەی ئەنفالدا رویداوە بەجینۆساید دادەنرێت) تیگەیشتنەکە لەسەر کوردستان نییە بەڵکو لەسەر بەشێکی کوردستانە کە ناوچە قەدەغەکراوەکان دەگرێتەوە، نەک بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەشاری هەڵەبجە چونکە ئەو کاتەی هەڵەبجە کیمیابارانکرا ئەوشارە لە سنوری ناوچەی قەدەغەکراودا نەبوو، ئەگەرچی کەوتە نیو سەرەتای پەلامارەکانی ئەنفالەوە واتە کەوتە چوارچیوەی پەلاماری ئەنفالی یەکەوە بەڵام هەلەبجە لەلۆجیکی ئەنفالدا نەبوو، بەڵکو لەنیوتەپوتۆزی جەنگی عێراقدا تاوانەکە ئەنجام درا. بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە پیتەرگالبرێس لەراپۆرتەکەیدا زیادە رۆیی زۆری کردبوو هیلتەرمان ووتەنی دۆنکیشۆتانە بوو، ئەوای باسکردبوو عێراق هەموو شتێکی رامالیووە...ئەمەش گەلێک لەکاربەدەستانی واشنتۆنی تورە کردبوو، ئەگەرچی پیتەرگالبریس سەرسەختانە داکۆکی لە راپۆرتەکەی و لەکوردیش کردبوو بەڵام زۆرلە سیناتۆرەکانیش کەپێشتر پشتگیری پرۆژەکەیان کردبوو، رایان گۆری و پاشگەزبوونەوە. بەڵام ئەمە دەشێت وانەیەکی گرنگ بێت بۆخۆشمان وەکو قوربانی جینۆساید کە زیادە پێوەنان کاریکی ناپەسەندو نەخوازراوە وەکو ئەوەی لەماوەی رابوردوودا بەگۆترەکاری مامەلەمان لەگەڵ ژمارەی قوربانیانی تاوانەکان دەکرد، لەچەشنی ١٨٢٠٠٠ ئەنفالکراو. بێگومان مەبستم لە قسەی بێبنەماو بەڵگەیە دەنا من بۆخۆم بروام وایە ئەوەی لەهەڵەبجەو ئەنفال تێدا چوون نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ هەزارکەس

دەبن.

بەهەر حال وەکو یوست هێلتەرمان یاداشتی کردووە پاش ئەوەی لە٢١ی ئۆکتۆبەردا پرۆژە یاساکە شکستدێنێ و ئیدارە بەتوندی لەدژی دەوەستێتەوە، لەبری ئەوە ئیدارەی ریگان پێشنیارێکی ناپابەندیان کرد بۆئیدانەکردنی عێراق بەڵام هیچ شتێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پیتەرگالبریس بەداخ و خەفەتێکی زۆرەوە لەساڵی ٢٠٠٠ دا دەلێت : شتێکی پڕ شورەیی رویداو جێگەی گومان بوو چونکە کاردانەوەی واشنتۆن نەک هیچی نەکرد،بەڵکو رێگری لەهەوڵوکۆششی خەڵکی تریشکرد بۆئەوەی هیچ نەکرێت، بەپاساوی ئەوەی سزا یەکلایەنەکان کاریگەرییان نیە) بەڵام گالتەجارییەکەی ئیدارەی ریگان لەوەدا زیاتر خۆی نواند کەوا پایزی ساڵی ١٩٨٨ بۆجاری دووەهەم ئیدانەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی عێراقی کرد، ئەوکاتەی هەموو شتێک تەواو ببوو. بەڵام ئەگەر ئیدارەی رێگان و کۆنگریسی ئەمریکا زووتر کاردانەوەیان ببوایە وەک ئەوەی پیتەرگالبریس خستبوویە بەرچاویان یان راستتر بڵێین وەکو ئەوەی ئەو دەیەویست بەلای کەمەوە رێگر دەبوون لەئەنفال و بەلای کوردەوە باشتربوو ئەگەر زەرەر لەنیوەشدا ببرایەتەوە.

◆ ئەو وێنەیەی (دنیا)ی هەژاند............ ئیبراهیم هەورامانی

◆ کێن ئەوانەی ئەم وێنانەیان گرتووە؟

# وێنە وەکو شایەتحاڵ

# ئەو وێنەیەی (دنیا)ی هەژان

ئیبراهیم هەورامانی



عومەر حەمە سالح ئەحمەد سلێمان ناسراو بە عومەری خاوەر-١٩٣٧-١٩٨٨/٣/١٦) یەکێکە لەو شەهیدانەی بەهۆی هێرشی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دا لەگەڵ کوڕە ساواکەیدا بوونە سیمبولی شەهیدانی هەڵەبجە... شەهیدانی کوردستان .

گواستنەوەی دیمەنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی لە زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسانەوە بۆ میدیاکانی جیهان.. بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ زیاتر ناساندنی دۆسیەی ڕەوای گەلەکەمان و زیاتر خستنەڕووی ڕفتار و بەرنامە دژی بەشەرییەکانی ڕژێمی بەعسی بەرامبەر گەلەکەمان.. بەلای زۆربەی چاودێرە سیاسیەکانەوە ژەهربارانکردنی هەڵەبجە بوو بە هۆکاری بەرەوپێشەوە بردن و ناساندنی مەسەلەی

بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەمان لە گۆڕپانی سیاسی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی کە دواجار ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ی گەلەکەمان و ڕوخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق بۆ دادگایکردنی سەرانی ڕژیم و سزادانیان و دواجاریش لە سێدارەدانی گەورە دیکتاتۆر سەدام حسێن و عەلی حەسەن ئەلمەجید ((عەلی کیمیایی))... هتد بەدوا داهات.

## ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە هەڵەبجە گەڕانەوە

هەڵەبجە بویە مەیدانی جەنگێکی نابەرامبەر، بویە جێ نیشانەی بەعسیان بۆ قەتڵ و عامکردنی گەلێک بۆ سڕینەوەی نەخشەی شارێک، ئەوەبوو لە کاتژمێر ١١,٣٥ خولەکدا ڕژێمی بەعس بەهۆی فڕۆکە جەنگیەکانییەوە لە جۆر باجەڕ و سۆخۆی کەوتە جێبەجێکردنی پیلان و بەرنامە داڕێژراوەکەی.. لەم هێرشەدا ڕژێمی بەعس بەهۆی بەکارهێنانی دەیان فڕۆکەی جەنگییەوە چەندین جۆر بۆمبی کیمیایی و بۆمبی ئاسایی (تقلیدی) و بۆمبی کیمیایی (سیانید، خەردەل).

ڕژێمی بەعس، لەم هێرشەیدا سەرەتا بە بەکارهێنانی بۆمبە تەقلید و ناپاڵمەکان دەستی پێکرد و پاش تێپەڕبوونی کەمتر لەسێ سەعات بۆمبی کیمیایی بەکارهێنا کەزیاتر بە بۆمبی کیمیایی ((خەردەل)) بۆردوومانی شارەکەی کرد

لە دەرئەنجامی ئەم هێرشە وەحشیانەی ڕژێمی بەعس بۆ سەر خەڵکی بێدیفاعی هەڵەبجە زیاتر لە ٥ هەزار هاوڵاتی شەهید بوون کە زۆربەیان منداڵ و ژن و بە ساڵاچوو بوون لەگەڵ برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠٠٠ دە هەزار هاوڵاتی دیکەو ئاوارە و دەربەدەربوونی سەرجەم دانیشتوانی شارەکە بۆ وڵاتی ئێران و نیشتەجێ بوونیان لە ئۆردوگاکانی شارە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە. بڵاوبوونەوەی هەواڵی کارەساتێکی لەم چەشنە لە سەدەی بیستەمدا کە بە یەکەمین تاوان دێت لە جیهاندا لەپاش جەنگی جیهانی دووەم بوو بە مایەی گرنگی زۆرێک لە رۆژنامەنوسانی جیهان..... لەم ڕوانگەیەوە ژمارەگەلێک لە رۆژنامەنووسانی ئێرانی و بیانی کە بۆ کەناڵە جیاجیاکانی میدیا کاریان دەکرد سەردانی هەڵەبجەیان کرد..... ئەم سەردانە بۆ ژمارەیەک لەو ڕۆژنامەنووسانە ڕێگەیەکی پڕ مەترسی بوو کە دواجار بووە مایەی گیان لەدەستدانیان وەک ڕۆژنامەنووسی ئێرانی سەعیدی جانبزرگ و برینداربوونی ڕۆژنامەنووسی

ئێرانی ئەحمەدی ناتقی کە تا ئێستاش کاریگەری لەسەر کۆ ئەندامی هەناسەدانی هەیە ڕۆژنامەنووسی نەرویجی ئەرستۆ کلاشن. زۆرن ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەمەبەستی گواستنەوەی هەواڵی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجە بۆ میدیاکان سەردانی شارەکەیان کردووە لە بەروار و وڵاتی جیاجیاوە ئەوەندەی من توانیومە لە ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵی کارکردنم لەم بوارەدا ناوی چەند ڕۆژنامەنووسێک ساغ بکەمەوە تا ئێستاش دیداری ڕۆژنامەنووسیم لەگەڵ ڕەمەزان ئۆزتورک و ئەحمەدی ناتقی و عەباس عەبدولرەزاق و ئەنجام بدەم.

ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە سەردانی شاری هەڵەبجەیان کردووە بەروار و ناوی وڵاتەکەیان لە بەرامبەر ناوەکانیان بەم شێوەیە:

| | | |
|---|---|---|
| ١. ئەحمەد ناتقی | ١٩٨٨/٣/١٥ | وڵاتی ئێران |
| ٢. سەعید سادقی | ١٩٨٨/٣/١٥ | وڵاتی ئێران |
| ٣. هیدایەت بەهبودی | ١٩٨٨/٣/١٥ | وڵاتی ئێران |
| ٤. سەعید جانبزرگ | ١٩٨٨/٣/١٧ | وڵاتی ئێران |
| ٥. مەهدی جەمشیدی | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ٦. عەلی فەرەیدوونی | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ٧. غولامڕەزا شیر محەمەدپور | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ٨. ساسان موئییدی | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ٩. یەدوڵلای چراخی | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ١٠. ئەحمەد نبکشانی | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ١١. پەرویز پەجوهندە | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |
| ١٢. عەباس عەبدولرەزاق (ڤیدیۆ) | ١٩٨٨/٣/١٨ | کوردستانی ئێران |

(عەباس ڤیدیۆ) لەکاتی ئەو هێرشەدا لەیاخسەمەر پ.م بووە و لەگەڵ گەشتنی هەواڵەکە بە مەبەستی تۆمارکردنی ئەو کارەساتە بەرە و هەڵەبجە کەوتۆتە ڕێ و لەو بەروارەدا گەشتۆتە شارەکە و تا ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک ماوەتەوە و کاری ڕۆژنامەنوسی کردووە.

| | | |
|---|---|---|
| ١٣. سەیفوڵلا تاهیری | ١٩٨٨/٣/١٨ | وڵاتی ئێران |

١٤. ئیحسان ڕەجەبی ١٩٨٨/٣/١٨ وڵاتی ئێران

١٥. جاسم گەزبەنپور ١٩٨٨/٣/١٨ وڵاتی ئێران

١٦. یوسی ڤوتیلا ١٩٨٨/٣/١٨ فنلندا

١٧. ئەرستۆ كلاشن ١٩٨٨/٣/١٨ نەرویج

١٨. ڕەمەزان ئۆزتورك ١٩٨٨/٣/١٨ كوردستانی توركیا

١٩. كاوە گلستان ١٩٨٨/٣/١٨ وڵاتی ئێران

ڕۆژنامەنووس (كاوە گلستان لە پرۆسەی ئازادكردنی عێراقدا كاری لەگەڵ BBC دەكردوو بەداخەوە لەكاتی كاركردنی ڕۆژنامەنووسیدا لەشاری كفری شەهیدبوو.

٢٠. ماجید كەریمیان ١٩٨٨/٣/١٨ وڵاتی ئێران

٢١. ستێڤان هرێتین ١٩٨٨/٣/١٨ سوید

ئەمەو ژمارەیەک لە هاوڵاتی ئاسایی بە تایبەتی ئەوانەی لە شارە سنوریەكانەوە بۆ هاوكاری كردنی شاردنەوەی تەرمی ئەو هەزاران شەهیدە سەردانی هەڵەبجەیان كردووە و بەكامێرای ئاسایی خۆیان وێنەیان گرتووە... هەرچەندە ژمارەیكی زۆر لەو وێنانەی بڵاوبونەتەوە بەڵام بەداخەوە خاوەنەكانیان (ئەوانەی ئەو وێنانەیان گرتووە) ساغ نەبۆتەوە و زۆرێک لەو ڕۆژنامەنووسانەی سەردانی ئەم شارەیان كردووە تا ئێستا نەتوانراوە ناوەكانیان ساغ بكرێتەوە، بۆیە من لێرەوە پێموایە هێشتا كاتمان ماوە بۆ ساغ كردنەوەی ناوی ئەو ڕۆژنامە نووسانە.. بەڵام كاتێكی كەم، لێرەشەوە پێویستمان بە هەوڵی هەمووانە..

## ئەو كامێرایانەی وێنەی هەڵەبجەیان پێگیراوە

هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانەی لەساڵی ١٩٨٨ دا بەكامێراكانیان وێنە هەواڵی تاوانی ژەهر بارانكردنی هەڵەبجەیان گەیاندە میدیاكانی جیهان دەكرێت تا ئێستا ئەو كامێرانەیان لە لا نەما بێت، یان لەكار كەوتوون... یاخود لەلای هەندێكیشیان بۆتە سمبولێک بۆ كاركردنیان و پارێزگاریمان لێكردووە، هەندێكیشیان بەخشیویانە لەوانە:

## ١. ڕەمەزان ئۆزتورک

ئەو کامێرایەی ڕۆژنامەنووس (ڕەمەزان ئۆزتورک) لەڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هەواڵی هەڵەبجەی بۆ جیهان گواستەوە لەجۆری nicon fae بووە و توانیویەتی پارێزگار لێبکات و لەسەردانێکی دا بۆشاری هەڵەبجە لە مانگی ٢٠٠٩/٤ وەک دیاریەک ودۆکیۆمێنتێک لەسەر کارەساتەکە بەخشیە(مۆنۆمێنتی هەڵەبجە) و ئێستا لەوێ پارێزراوە.

## ٢. عەباس عەبدولرەزاق

عەباس عەبدولرەزاق ناسراو بە (عەباسی ڤیدیۆ) یەکێکی ترە لەو ڕۆژنامە نوسانەی لە گواستنەوەی هەواڵی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بەشدار بووە بەهۆی کامێرا ڤیدیۆییەکەیەوە لەجۆری ناشناڵ a2 بووەو سەرباری ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی توانیویەتی پارێزگاری لێبکات و بەخشیویەتییە ئەرشیفی نەتەوەیی لە سلێمانی.



ئەحمەد ناتقی

## ٣. ئەحمەد ناتقی

ئەحمەد ئیسماعیل ناتقی ڕۆژنامەنوسێکی ئێرانییە و لەو سەردەمەدا کاری بۆ ئاژانسی (ارنا) ئێرانی کردووە، توانیویەتی پارێزگاری بە کامێراکەیەوە بکات، لە سەردانێکیدا بۆ شاری هەڵەبجە لە ٢٠٠٩/٣/١٦ بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک پێکەوە

بوین و هەواڵی ئەو کامێرایەم لێپرسی: لەوەڵامدا ئەوەی خستەڕوو تا ئێستا لەلای خۆی پارێزاوە.

## ٤. ستێڤـان هرێتین

ئەم ڕۆژنامەنووسە خەڵکی وولاتی سویدە بەشداری لە گواستنەوەی دیمەن و ڕووداوی ژەهربارانکردنی شاری هەڵەبجە داکردووە ئەو کامێرایەی لەو سەردەمەدا بۆ کاری ڕۆژنامەنوسی بەکاریهێناوە لەجۆری (مینەڵتا) بووە تا ئەمڕۆش پارێزگاری لێکراوە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٤ و لەکاتی سەردانی وەفدێکی ئۆفیسی هەڵەبجەی ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی (ستێڤان)ی ڕۆژنامەنووس کامێراکەی لە ڕێگەی بەڕێزان خدر کەریم و نەریمان عەلی یەوە دەگەیەنێتە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە تا وەک بەڵگەنامەیەکی زیندوو بخرێتە ڕوو پارێزگاری لێوە بکرێت.

## ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وێنەی شەهید عومەری خاوەریان گرتووە

لە کاتی سەردانەکەیان دابۆشاری هەڵەبجە و بەمەبەستی گەیاندنی هەواڵی کارەساتەکە بە کەناڵە جیاجیاکانی میدیای جیهان ڕۆژنامەنووسەکان لەڕێی زومی کامێراکەیانەوە زۆر بەیان گرنگیان بە دیمەنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی دەدا و دەیان نووسین و چیرۆکی تاوانەکە لەوێوە بۆ جیهان بگێڕنەوە. لێرەدا من نەمتوانیوە لەماوەی ئەم (٥) ساڵی کارکردنەمدا تەواوی ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسانە ساغ بکەمەوە کە وێنەی شەهید عومەری خاوەر یان لە چەند گۆشەیەکی جیاجیایان لە یەک گۆشە و لەیەک کاتی جیاجیا گرتووە ئەوەنەی هەوڵمداوە و بۆم ڕەخساوە و توانیومە بە بەڵگە و وێنەوە ناوی ئەو ڕۆژنامەنووسە وێنە گرانە ساغ بکەمەوە کە توانیویانە بە هۆی کامێراکانیانەوە ئەو دیمەنە سەرنج ڕاکێشانەی شەهیدبوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی بگوازنەوە بۆ میدیاکانیان و بڵاوی بکەنەوە .

تا ئێستا توانیومانە ناوی کامێرامانە ڕۆژنامەنووسانە ساغ بکەمەوە کە بریتین لە:

١. ڕەمەزان ئۆزتورک

٢. ئەحمەد ناتقی

٣. ساسان موئەییدی

٤. ماجیدی کەریمیان
٥. مەهدی جەمشیدی

ئەم ڕۆژنامەنووسانەی لە سەرەوە ناویانم هێناوە لە چەند گۆشەیەکی جیاجیادا توانیویانە گرنگی بەو دیمەنە بدەن و لە ڕێی دیمەنی شەهیدبوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی چیرۆکی ژەهربارانکردنی شارێک یان بابڵێین (گەرمترین دۆزەخی سەر زەوی ) بۆ جیهان بگوازنەوە .

گومانم لەوەدا ژمارەیەک رۆژنامەنووسی زیاتر هەیە کە توانیویانە بە سەلیقەی رۆژنامەوانی خۆیان ئەودیمەنە بگەیەننە جیهان بەڵام ئەوە کەمتەرخەمی ئێمەیە کە نەمانتوانیوە کار لەسەر ئەم زانستی دۆکیۆمێنتە بکەین و خزمەت بە گەورەیی کەیسەکەمان بکەین کە کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەیە .

لێرەوە من ڕایدەگەیەنم لەم پێناوەدا و لە پێناو بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەم کەیسەدا لە بواری وێنەی ڕۆژنامە نوسییەوە هەوڵی زیاتر بخەمە گەڕ و درێژە بەم پرۆژەیەم بدەم.

## شەهید (عومەری خاوەر) و یەکەمین وێنەگر.......

نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بڵێین تەنها ڕۆژنامەنووسێک نەبوو کە وێنەکەی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی بۆ جیهان گواستەوە، ئەوەندەی هەوڵم داو توانیومە تا ئێستا ناوی (٥) پێنج لەو ڕۆژنامەنووسانە ساغ بکەمەوە کە توانیویانە لە پاش ژەهر بارانکردنی هەڵەبجەدا کاریگەرترین دیمەنی ئەو کارەساتە کە شەهید بونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی بوو وێنە بگرن.

بە پێی ئەو کارکردنەی لەم بوارەدا هەولم لەگەڵدا داوە بەراوردکاریەکی ڕۆژنامەنووسیانەم کردوە لەو دیدارانەی تا ئێستا لەگەڵ رۆژنامەنوسکاندا ئەنجامم داونە بۆم دەرکەوتوە ئەو وێنەگرە رۆژنامەنووسەی کە بۆ یەکەمجار توانی بگاتە شوێنی شەهید بوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی ماڵی شەهید کەمال جەلال کە کەوتۆتە شەقامی عومەری خاوەری ئێستا لە ڕێی کامێرایەکەوە وێنەی بگرێت کێیە؟

پێش ئەوەی ئەنجامی ساغکردنەوەی ئەم بەڵگەیە بخەمە ڕوو دەبێت بەرواری سەردانی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بەراورد بکەین تا پێکەوە و ڕاستگۆیانە بگەینە ئەو حەقیقەتەی

یەکەم وێنەگر کێ بوو؟ وێنەی دیمەنی شەهید بوونی عومەری خاوەر و کۆرپەکەی بەکامێراکەی تۆمارکرد.

لێرەشەوە دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە من نامەوێت لە هەوڵ و توانای ئەو وێنەگرە کەم بکەمەوە کە شانسی زیاتری هەبووە لە بڵاوکردنەوەی وێنەی دیمەنەکە، ئەوەی دەیخەمە روو ئەرکی ڕۆژنامەنووسی یانەی خۆمە و دەمەوێت وەک مێژوو هەوڵ و ئەرکی یەکەمین وێنەگری وێنەکەی شەهید عومەری خاوەر بەر کەنار نەخرێت و هیچی تر ........

لە لای زۆرمان ئەوە ئاشکراو روونە کاتێک لێمان دەپرسن یەکەمین وێنەگر کێ بوو وێنەی شەهید عومەری خاوەر و کۆرپەکەی گرت؟ بێ وەستان و دوو دڵی لە وەڵامدا دەڵێین وێنەگر ڕەمەزان ئۆزتورکە.

من لێرەدا دەمەوێت راستی وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای هەموانە زیاتر روون و ئاشکرا بێت و دێمە سەرناوەڕۆکی ئەم باسە.

## • ڕەمەزان ئۆزتورک کێیە؟

ڕەمەزان ئۆزتورک لە دایکبووی ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی پیتورگی کوردستانی باکورە، لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە چوەتە شاری ئەستەمبوڵ و بروانامەی بکالۆریسی لە کارگێڕیدا وەرگرتووە. لە تەمەنی شانزە ساڵییەوە وەک ڕۆژنامەنووسێکی وێنەگر کاری وێنەگرتنی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە تورکیەکانی وەک (ڕۆژنامە، ئەستەمبول، دنیا، گیون ئادن، سەباح، یەنی بینین، ستار، یەنی شەفەق) کردووە. ماوەی چەندین ساڵ وەک ڕۆژنامەنووسی جەنگ کاری کردووە... سەردانی بەرەکانی شەڕی عێراق- ئێران و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کردوە و لە ساڵی (١٩٨٧) دیداری لەگەڵ هەڤاڵ (مام جەلال) ئەنجام داوە.

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٨) لە ڕێی وڵاتی ئێران و بە هاوکاری تیمی ڕاگەیاندنی تایبەتی جەنگی ئێران سەردانی شاری هەڵەبجەی کردوە. لە بواری وێنەی ڕۆژنامەنووسیدا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە لەوانە خەڵاتی (یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی ئەمەریکا، خەڵاتی ئەتڵەنتی سیتی، خەڵاتی گۆڤاری تایم و گۆڤاری نیوزیک و گۆڤاری لایف ئەمەریکی و یەکێتی وێنەگرانی جیهانی/ دانیماک و گۆڤاری شتەن و یەکێتا